بەناوی خوای گەورەی میهرەبان
ئیسلام پەیک
پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە
Islampalk.org

# 30 هۆکار بۆ چوونە بەهەشت

ئەوهۆکارانەی لە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (g)
دیاری کراوە

**دانانی** :

بەشی دانان لە دار الشريف

**وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە** :

محمد نجم الدين چەم چەماڵی

ناوی نامیلکە : ٣٠ هۆکار بۆ چوونە بەهەشت
ناوی دانەر : بەشی دانان لە دار الشريف
وەرگێڕ : محمد نجم الدين چەم چەماڵی
چاپخانە :
تیراژ :
کاری کۆمپیوتەری و بەرگ : محمد نجم الدين چەم چەماڵی

**پێشکەشە بە** : ...

- به باوك و دايكی خۆشەويستم .
- به برا و خوشكەكانم .
- به هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی كه زۆر سودم لێوەرگرتوون .
- بەهەموو هاوڕێ خۆشەويستەكانم .
- بەهەموو ئەو فێرخوازە خۆشەويستانەی كه تەنها مەبەستيان تێگەيشتن له ئاينی ئيسلام و ڕەزامەندی خودايە ...

**پێشەكی** : -

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على النبي الكريم محمد وآله وصحبه اجمعين

**سوپاس و ستايش بۆ خوای پەروەردگار, درودو سەلاميش لەسەر گيانی سەرداری پێغەمبەران حەزرەتی محمد (ﷺ) وە ياروياوەران و شوێن كەوتوانی بەگشتی تاڕۆژی دوايی .**

**لەپاشان** :

خودای گەورە ژيانی دونيای دروستكرد بۆ ئەوەی مرۆڤەكان تاقيبكاتەوە , وەداوايان لێدەكات كه بيپەرستن و بەندايەتی بكەن , لەپاداشتی ئەو بەندايەتيەشدا خوای گەورە بەهەشتێكی بۆ ئامادەكردووەن كه له حەديسێكی قودسيدا دەفەرمووێت : (فيما لاعين رأت ولا أذن سمعت و خطر على قلب بشر) , واتە :(ئەو بەهەشتە هێندە ناز و نيعمەتی تێدايە كه نە بەچاو بينراوە وە نەبە گوێ بيستراوە وە نەبە ختەرەو خەيڵيش بە دڵی كەسدا نەهاتووە ). لەهەمانكتدا ئەوكەسەيش كه پشت هەڵبكات و گوڕايەڵی فەرمانی خواو

پێغەمبەرەکەی نەبێ , خوای گەورە سزای زۆر سەخت و دۆزەخێکی سوتێنەری بۆ ئامادەکردووون . خوای گەورە پەنامان بدات .

من لێرەدا زۆر سوپاسی خوادەکەم کە هیدایەتی دام بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە کە بەپشتیوانی خودا سود و قازانجی بۆ هەموو لایەك دەبێت , ئەوەش کە پێویست بکات لە کۆتایدا بیلێم وەیە کە خۆشم و بابەتەکەم لەکەموکوڕی بەدەرنین و بۆیە داواکارم لەخوای گەورە کە لەکەموکوڕیەکانمان ببورێت , وە هیوادارم کە توانیبێتم کارەکەم دڵۆپێکبێت لەدەریای خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام , خوای گەورە بۆمان بکات بە توێشووی ڕۆژی دوایی ... ئامین ..

وە هیوادارم جێگای ڕەزامەندی خوا و ئێوەی خوێنەری بەرێز بێت ..

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته

وەرگێڕ
محمد مەلا نجم الدين چەمچەماڵی
Mohamad_computer@yahoo.com

# ٣٠ هۆکار بۆ چوونە بەهەشت

١. **باوەڕبوون** (**الايمان**) :

بوونی ئیمان و باوەڕ یەکەم هۆکار و گرنگترین هۆکارە بۆچوونە بەهەشت چوونکە هەرکەسێك باوەڕی نەبوو ئەوا هەرکارێکی باشیش بکات خوای گەورە وەریناگرێت , وە زانایان چەندین کتێب و نامیلکەیان دەرکردووە لەسەربابەتی ئیمان , بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (أ) دەهێنینەوە کە کاتێك (جبريل ) (عليه سلام) دەچێتە لای پێغەمبەر لەشێوەی پیاوێکی عەرەبی ڕێبوار , کە ئەوکاتە پێغەمبەر (أ) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دانیشتبوو , (جبريل ) (عليه سلام) پرسیاری لێکرد دەربارەی ئیمان و ئیسلام و چاکە , پێغەمبەریش (أ) لەپێناسەی ئیماندا فەرمووی: (أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسوله واليوم الآخر وتؤمن بالقدر خيره , وشره) , واتە : (ئیمان ئەوەیە کە باوەڕت هەبێت بە خوا و فریشتەکان و کتێبەئاسمانیەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و باوەڕیشت هەبێت بە قەدەر بە باش و خراپەکەی ) ,

وەهەر ئەم ئیمانەیە کەدەبێتە هەوێنێك بۆ ئەنجامدانی هۆکارەکانی تری بەرەوبەهەشت چوون , بەڵام چەند نشانەیەك هەن کە نیشانەی لاوازبوونی ئیمان و باوەڕن کە ئەمانەن :

- ❖ ئەنجامدانی کارە قەدەغە کراوەکانی کە خودای گەورە حەرامی کردووە و بەردەوامبوون لەسەری .
- ❖ دڵ ڕەشبوون و دڵ ڕەقبوون کە والەکەسەکە ئەکات کە ڕوناکی ئیمان نەچێتە دڵیەوە , چونکە خوای گەورە ئەفەرموویێت : ( ثم قست قلوبكم من بعد ذلك فهي كالحجارة أو أشد قسوة ) البقرة /٧٤

واتە : (دواتر دڵتان وەها ڕەق و ڕەش دەبێت وەکو بەرد یاخود ڕەقتر) وە ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەو جۆرە دڵە ڕەشەن بەهیچ شێوەیەك باسی مردن و ترسی ڕۆژی دوایی کاریان تێ ناکات.

- ❖ بێ هۆش بوون بێ ئاگابوون لە کاتی پەرستن و عیبادەتەکاندا , واتە بێ هۆشبون لە کاتی نوێژ و قورئان خوێندن و دوعاکردن....هتد , تەنها ئەم کارانە ئەنجام ئەدرێت بە دەم بەڵام هیچ ڕوحیەتێکی لەگەڵدا نی یە بیر ناکرێتەوە لە واتای ووشەکانی , پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت : ( ... لا يقبل دعاء من قلب غافل) رواه الترمذي . واتە : خوای گەورە نزا و دوعا لە دڵێکەوە وەرناگیرێت کە بێ ئاگابێت .
- ❖ نیشانەیەکی تر : ساردو سڕی لەکاتی پەرستنەکاندا , یاخود دواخستنی , یاخود کاتێکیش کە ئەنجام دەدرێت تەنها بەدەم و هیچ ئاگایەکی لای خۆی نی یە , کە ئەم جۆرە کارانە یەکێکە لە نیشانەکانی دووڕوەکان و مونافیقەکان ,وەك خوای گەورە دەفەرموێت ( وإذا قاموا إلى الصلاة قاموا كسالى ) النساء /١٤٢ .

واتە : ( کاتێك کە هەڵدەستن بۆ ئەنجامدانی نوێژ بەساردو سڕیەوە هەڵدەستن ) , وە هەر ئەم سارد و سڕەیە یە کە دەبێتە ئەوەی کە خاوەنەکەی هەرگیز بیری پاداشتە گەورانەی خوای نەبێ و کاروکردەوەی باش ئەنجام نادات .

- ❖ نیشانەیەکی تری لاوازبوونی ئیمان : سنگ تەنگی و عەقڵ داخراوی , ئەو مرۆڤانەی کە ئەم نیشانەیەیان تێدا یە هەمیشە توڕەن توانایان نی یە کە بەرەنگاری کێشەکان ببێتەوە کە توشی دەبن, وەکاتێك کە کێشەیەك دێتە پێشی بێ ئارامەو هیچ کات لێبوردە نی یە و وا هەست دەکات کە هەموو دونیای داوە بەکۆڵی خۆیدا ,

پێغەمبەری خودا (أ)لە پێناسەی ئیماندا دەفەرمووێت : ( الإيمان : الصبر والسماحة ) السلسلة الصحيحة رقم ٥٥٤ ، ٨٦/٢ .. **واتە : (ئیمان و باوەڕ بریتی یە لە ئارامگرتن و لێبوردەیی ) , وە پێناسەی مسوڵمانان ئەکات دەفەرموێ** : ( يألف ويؤلف ولا خير فيمن لا يألف ولا يؤلف ) السلسلة الصحيحة رقم ٤٢٧. **واتە : (هۆگری خەڵکبن و خەڵکیش هۆگرتان بێت چونکە چاکە لەو کەسەدا نی یە کە هۆگری خەڵك نەبێ و خەڵك هۆگری نەبێ )**

- ❖ **نیشانەیەکی تر : کارێگەر نەبونی ئایەتەکانی قورئان لەسەر کەسەکە , چونکە هەرکەسێك کە دڵی ڕەش بوو بەهۆی تاوانەوە وای لێدێت کاتێك گوێبیستی ئایەتەکانی قورئان ئەبێت هیچ کاریگەری لێناکات وە گوێ ناداتە ئەو پەیمانانەی کە خوای گەورە داویەتی بە مسوڵمانان و وە ترسی ئەو سزایانەی نەبێ کە خوای گەورە دایناوە بۆ بێ باوەڕان , ئەو کەسەی کە ئەم ڕەوشتەی هەبێت کاتێك گە گوێبیستی قورئان یاخود قسەی ڕاست و ووتاری زانایەك دەبێت هەست بە بێزاری بێ تاقەتی دەکەن .**

- ❖ **نیشانەیەکی تر : بێ ئاگا بوونە لە یادی خودا و نەکردنی نزا (دوعا) یە : ئەو کەسانەی کە ئیمانیان لاواز دەبێت کاتێك دەیانەێت نزا بکەن دەست بەرز دەکەنوە و هەندێکی کە نزا دەکەن و بە خێرای دەستیان نزم دەکەنەوە و دەچنەوە سەر کارە دونیایەکانیان , وە زۆر بەکەمی یادی خودا دەکەن , وەك خوای گەورە پێناسەی دوڕوەکان دەکات و دەفەرموێت** :(ولا يذكرون الله إلا قليلاً ) النساء /١٤٢. **واتە : (یادی خودا ناکەن تەها بەکەمی نەبێت) یاخود هەتاکو کێشەیەکیان بەسەردا نەیەت یادی خودایان نی یە .**
- ❖ **نیشانەیەکی تری لاوازی ئیمان : کاتێك کە یەکێك ڕەفتارێکی ناشرین ئەنجام دەدات بە ئاینی ئیسلام و ڕێبازەکەی هیچ کاریگەری تێناکات و پێی ناخۆش نی یە , وە هیچ کات هەوڵی ئەوە نادات کە فەرمان بکات بە چاکە و ڕێگری بکات لە خراپە , چونکە پێغەمبەری خوا (أ) دەفەرموێت ئەو دڵانەی توشی ئەم جۆرە لاوازی یە دەبن نیشانەی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێت , کە خوای گەورە پەنامان بدات چونکە هەر دڵێك نیشانەی ڕەشی لەسەربێ هیچ ڕوناکی لە دڵیدا نامێنێت .**

❖ یەکێکی تر لە نیشانەکانی لاوازی ئیمان : حەزکردن بە خۆبردنە پێشەوە و خۆدەرخستن , کە ئەمەش سێ جۆرە :

- حەزکرنە بە سەرۆکایەتی و لێپرسراوێتی بێ ئەوەی شارەزایی لێ هەبێت و بزانێت کە ئەم کارە لێپرسینەوەی ڕۆژی دوای تێدایە , پێغەمبەری خودا (أ) دەفەرموێت : ( إنكم ستحرصون على الإمارة وستكون ندامة يوم القيامة فنعم المرضعة وبئس الفاطمة ) ( قوله : نعم المرضعة أي أولها لأن معها المال والجاه واللذات ، وقوله : بئس الفاطمة أي : آخرها لأن معه القتل والعزل والمطالبة بالتبعات يوم القيامة ) رواه البخاري رقم ٦٧٢٩ .

واتە : ( ئێوە حەز ئەکەن و داوای ئەوە ئەکەن کە ببنە خاوەن دەسەڵات بەڵام ئەم کارە دەبێتە هۆی پەشیمانی لە ڕۆژی دوایدا باشیەکەی ئەوەیە کە شتان لێدەست دەکەوێت و بەڵام خراپیەکەی ئەوەیە کە لێتان ئەبڕێتەوە و تەواو ئەبێت ) وە بەوتەی خۆی (باشیەکەی ئەوەیە کە شتان دەست دەکەوێت لە ماڵی دونیای تام و چێژی کاتی بەڵام خراپیەکەی ئەوەیە کە کۆتای دێت و لێتان ئەبڕێتەوە واتە کۆتاییەکەی بەکوشتن و لابردنە لە پلە پایەو لێپرسینەوەی ڕۆژی دوای لە پێشە ) وە دەشی فەرموو : ( إن شئتم أنبأتكم عن الإمارة وما هي ، أولها ملامة ، وثانيها ندامة ، وثالثها عذاب يوم القيامة إلا من عدل ) رواه الطبراني في الكبير ٧٢/١٨ وهو في صحيح الجامع ١٤٢٠ . واتە ئەگەر بتانەوێت ئاگادارتان ئەکەمەوە لە سەرۆکایەتی و سەرکردایەتی کردن کە ئەمەیە : یەکەمەکەی لۆمەکردن و تاوانکردنە , دووەمەکەی پەشیمانی یە , سێهەمەکەشی سزای سەختی ڕۆژی دوایی ەی تەنها ئەوانە نەبێت کە دادپەروەرن ) , بەڵام ئەگەر کەسی خاوەن دەسەڵات هەڵسا بەئەنجامدانی کاری سەرشانی خۆی و دادپەروەر بوو , وەکەسی تر نەبێت کە لەو شیاوتر بن ئەوا کارێکی زۆر باشی کردووە و پاداشتی لە لای خوای گەورە هەیە وە ڕێگەشی پێدراوە کە داوای دەسەڵات و سەرکردایەتی بکات وەك چۆن حەزرەتی (یوسف) علیه السلام داوای کرد . بەڵام زۆر جار گرتنە ئەستۆی دەسەڵات تەنها بۆ ئەوەیە کە خۆی دەربخات و خۆی بسەپێنێ بە سەر خەڵکانی خاوەن مافدا .

- حەزکردنە بە سنگبڕدنە پێشەوە و زاڵکردنی قسەی خۆی بەسەر قسەی خەڵکی تردا , وە گوێنەگرتن لە ڕاز و نیازی خەڵکانی تر , کە ئەم جۆرە کارە پێغەمبەری خودا بە جەنگ وەسفی ئەکات و دەفەرموێت : ( اتقوا هذه المذابح - يعني المحاريب - ) رواه البيهقي ٤٣٩/٢ وهو في صحيح الجامع ١٢٠ . واتە : (خۆتان بپارێزن لەو شوێنی سەربڕینە —واتە شوێنی جەنگە-) ,

- حەزکردنە بەوەی کە کاتێك دەچێتە کۆڕو کۆمەڵکەوە خەڵکی لەبەری هەڵسن و دەستیان بەسنگەوە بۆ بگرن , پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت : ( من سره أن يمثل } أي ينتصف ويقوم له عباد الله قياماً فليتبوأ بيتاً من النار ) رواه البخاري في الأدب المفرد ٩٧٧ انظر السلة الصحيحة ٣٥٧ . واتە : (هەکەسێك پێ ی خۆشبێت و حەزبکات کاتێك دەچێتە ناو کۆڕو کۆمەڵی خەڵکیەوە لەبەر هەڵبسن , ئەوا با شوێنێك بۆ خۆی ئامادە بکات لە دۆزەخدا )

وەجارێکیان معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کە خەلیفەی وولات بوو چوو بۆلای إبن زبیر و إبن عامر (ڕەزای خودا لە هەموویان بێت) کاتێك کە معاویەیان بینی , إبن عامر هەڵسایە سەرپێ بەڵام إبن زبیر هەڵنەسا , بەڵام معاویە دەفەرموێت ئەی عامر دابنیشە سوێند بە خودا من گوێم لێ بوو کە پێغەمبەری خودا دەیفەرموو:(هەرکەسێك حەزبکات خەڵکی لەبەری هەڵسن ئەوا با شوێنی خۆی خۆش بکات لە دۆزەخدا ) , بۆمان دەرکەوت کە ئەو جۆرە لوت بەرزی و خۆبەگەورە زانینە چەند گوناهێکی خراپە و چەندین جار پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئاگاداری هاوەڵانی و ئێمەشی کردۆتەوە , وە چەندین جۆرکەس هەن کە هەتاکو ئێستا ئەو ڕەفتارە ناشرینەیان تێدایە بۆ نمونە هەنێك کەس هەن کاتێك کە لە کۆڕو کۆمەڵێك دانیشتوون و کاتێك کە شتێك دەهێنرێت بەسەریاندا دابەش دەرکێت بۆنمنە ئاو دەهێنرێت کە لە لای ڕاستەوە دەست پێدەکەن بۆ ئەوەی سونەتەکەی پێغەمبەر ئەنجام بدەن ئەو کەسەی کە توشی ئەو نەخۆشی لوتبەرزی یە بووبێ پێی ناخۆشە حەزدەکات لە لای خۆیەوە دەست پێبکات . یاخو حەزی بەوە هەیە کاتێك چووە کۆڕ و کۆمەڵێکەوە کەسێك لەبەری هەڵسێت بچێتە شوێنەکەی دابنیشێت , لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕێگری ئەم کارە ئەکات و ئەفەرموێت : ( لا يقيم الرجل الرجل من مجلسه ثم يجلس فيه ) رواه البخاري فتح ٦٢/١١ , واتە :(با هیچ کەسێك کەسێکی تر هەڵنەسێنێت و لە شوێنەکەی دابنیشێت )

❖ یـەکێکی تـر لـە نیـشانەکانی لاوازی ئیمـان و بـاوەڕ : بـەغیلی و چاوچنۆکی و ڕەزیلی یە , خوای گەورە پێناسـەی ئەنـصارەکان دەکات کاتێـك کـە کۆچـکەرەکانی مەکـە هاتنـە مەدینـەوە و دەفـەرموێت : ( ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهـم خـصاصة ) , واتـە (ئـەو شـتانەیان ئەبەخـشی کـە خۆشەویـستبوولایان هـەتا ئەگـەر زۆریـش پێوسـتیان پێبوایـە) وە دیاریـشی کـردووە کـە سـەرفراز و ڕزگـاربووی دونیـاو

قیامەت ئەو کەسانەن کە بەغیلی و ڕەزیلی لە دڵی خۆیاندا دەردەکەن , چونکە لاوازی بیرو باوەڕ دەبێتە هۆی دروستکردنی بەغیلی و ڕەزیلی , پێغەمبەری خودا (أ) دەفەرمووێ : ( لا يجتمع الشح والإيمان في قلب عبد أبداً ) رواه النسائي : المجتبي ١٣/٦ وهو في صحيح الجامع ٢٦٧٨ . واتە:(کۆنابێتەوە چاوچنۆکی و ئیمان لەدڵی بەندەیەکدا هەرگیز ) , وە سامناکی و زیانی چاوچنۆکی پێغەمبەری خودا (أ) بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموێت : ( إياكم والشح فإنما هلك من كان قبلكم بالشح ، أمرهم بالبخل فبخلوا وأمرهم بالقطيعة فقطعوا وأمرهم بالفجور ففجروا ) رواه أبو داود ٣٢٤/٢ وهو في صحيح الجامع رقم ٢٦٧٨ . واتە ( ئاگاداربن لە چاوچنۆکی چونکە ئەو نەتەوانەی پێش ئێوە بەهۆی چاوچنۆکی یەوە لەناو چوون ,وە فەرمانی پێ ئەکردن بە بەغیلی ئەوانیش بەغیل ئەبوون , فەرمانی پێئەکردن کە پەیوەندی یە خزمایەتیەکان ببچڕێنن ئەوانیش بچڕاندیان , فەرمانیشی پێکردن بە خراپەکاری و ئەوانیش کردیان ) , هەمیشە ئەو کەسانەی کە چاوچنۆکن هیچ شتێك لە بەر خاتری خودا نابەخشن هەتاکو ئەگەر بڵێن کەسێکی مسوڵمان پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە ئەو هیچ کاری تێناکات و یارمەتی نادات , خوای گەورە باسیان ئەکات و ئەفەرموێت: ( ها أنتم هؤلاء تدعون لتنفقوا في سبيل الله فمنكم من يبخل ومن يبخل فإنما عن نفسه والله الغني وأنتم الفقراء وإن تتولوا يستبدل قوماً غيركم ثم لا يكونوا أمثالكم ) سورة محمد /٣٨ . واتە : (ئائێوە ئەو قەوم و نەتەوەیەبوون کە بانگەوازتان ئەکر کە شت ئەبەخشن لە پێناوی خودا , بەڵام تێتاندا هەیە کە بەخیلی و چاوچنۆکی ئەکات کە ئەوەش زیانی بۆ خۆی هەیە خوای گەورە دەوڵەمەندەو ئێوەش فەقیرو هەژارن, وەئەگەر پشتان لە خوا هەڵکرد ئەوا خوای گەورە ئێوە لەناودەبات و دەتان گۆڕێت بە قەومێك کە وەکو ئێوە نەبن )

❖ نیشانەیەکی تر ئەوەیە کە مرۆڤ شتانێك بڵێت کە خۆی ئەنجامی نەدات , وای گەورە دەفەرموێت : ( يا أيها الذين آمنوا لم تقولون ما لا تفعلون ، كبر مقتاً عند الله أن تقولوا ما لا تفعلون ) الصف /٢،٣ . واتە : (ئەی ئەوکەسانەی کەباوەڕتان هێناوە بۆچی شتانێك دەڵێن کە خۆتان ئەنجامی نادەن , خوای گەورە زۆری پێناخۆشەو زۆر تورە دەبێت کە شتانێك بڵێن کە خۆتان ئەنجامی نەدەن ) , گومان لەوەدا نی یە کە ئەم جۆرە خوڕەوشتە کاری دووڕوەکانە وە خاوەنەکەی لە

ڕۆژی دوایدا لە خەڵکانی ناو ئاگری دۆزەخە , وە لە ژیانی دونیاشدا ئەو جۆرە کەسانە خۆشەویست نابن و خەڵکی بە سوك سەیریان دەکەن .

❖ یەکێکی تر لە نیشانەکانی لاوازبوونی باوەڕو ئیمان ئەوەیە کە حەز بکات یاخود خۆشحاڵ بێت کاتێك کە مسوڵمانێك توشی کێشەیەك بێت یان نیعمەتێکی خودا هەبێت و پاشان لەدەستی بدات , کە ئەم جۆرەش نزیکبوونەوەیەکی هەیەلەگەڵ بەخیلی چونکە خاوەنەکەی حەز دەکات مسوڵمانان ئەو شتانەیان نەبێت کە ئەمیش نیەتی .

❖ نیشانەیەکی تر : سەیر کردنی کارەکان تەنها لە ڕووی خراپەکەیەوە و چاونوقاندن لە شتە گومانلێکراوەکان (مکروهات) , هەندێك کەس هەن کاتێك کارێك ئەنجام دەدات تەنها سەیری ئەوەدەکات ئایا ئەو کاری ئەو دەیکات حەرامە یان نا ؟ بێ وەی هیچ گوێ بداتە ئەوەی کە ئەم کارە قازانجی هەیە بۆ خەڵکی یان نا , وە هەندێك جار دەڵێت ئایا ئەم کارەی من دەیکەم مەکرووهە یان نا ؟ لەم جۆرە شتانە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دێت کە خاوەنەکەی دەکەوێتە حەرامەوە , پێغەمبەری ئازیزمان (أ) ئاگادارمان دەکات و دەفەرموێت : ( من وقع في الشبهات وقع في الحرام ... ) الحديث في الصحيحين واللفظ لمسلم رقم ١٥٩٩, واتە : ( هەرکەسێك کەوتە ناو شتە گومان لێکراوەکانەوە ئەوا کەوتۆتە حەرامەوە ) , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کەس هەن کاتێك کە پێیان ئەووترێت ئەو کارە مەکە گوناهە , ئەو دەڵێت ئایا گوناهەکەی زۆرە یان کەمە ؟! ئان سزاکەی سەختە لەڕۆژی دوایدا یان نا؟! وەنمونەی ئەمانەش ئەوانەیە کە خۆیان لە شبوهات و گوناهەکان ناپارێزن تاکو وایان لێدێت کە ترسی خودا لە دڵیاندا کاڵبێتەوە و گوناهی زۆر گەورەتر ئەنجام بدەن , یان هەندێکیان کاتێك لەگەڵ خەڵکین کارو کردەوەیان جوانە بەڵام کاتێك تەنها دەبن هەرچی کاری قەدەغەکراو حەرام هەیە دەیکەن ! بۆیە پێغەمبەری خودا (أ) ئاگاداری کردوینەتەوە و دەفەرموێت : (لأعلمن أقواماً من أمتي يأتون يوم القيامة بحسنات أمثال جبال تهامة بيضاً ، فيجعلها الله عز وجل هباء منثوراً ) قال ثوبان : يا رسول الله صفهم لنا ، جلهم لنا ، أن لا نكون منهم ونحن لا نعلم قال : ( أما أنهم إخوانكم ومن جلدتكم ويأخذون من الليل كما تأخذون ولكنهم أقوام إذا خلو بمحارم الله انتهكوها ) رواه ابن ماجة رقم ٤٢٤٥ قال في الزوائد إسناده صحيح ورجاله ثقات وهو في صحيح الجامع ٥٠٢٨ . واتە : ( هەنێك قەوم لە ئومەتەکەی من لە ڕۆژی دوایدا دێنە بەردەمی خوای گەورە بە کاری چاکەوە کە

بەقەد (شاخی توهامە) دەبێت , بەڵام خوای گەورە هەموو کارەکانیان بە بادا دەبات و وەری ناگرێت ! سەوبان ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا وەسفاین بکە بۆمان بۆمان ڕوونکەرەوە بۆ ئەوەی ئێمەش لەوان نەبین و خۆمان نەزانین , ئەویش فەرمووی : بەڵکو ئەوان برای ئێوەن و لە ڕەگەزی ئێوەشن , ئەو کارانەی کە ئێوە بەشەو ئەنجامی دەدەن ئەوانیش دەیکەن (مەبەستی شەونوێژو بەندایەتی بوو ) بەڵام قەومێکن کاتێك کە حەرامێك دێتە بەردەستیان و کەس ئاگای لێنی یە ئەوان حەرامەکە ئەنجام دەدەن . تەنها هۆکاریش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەی کە خاوەنەکەی ئیمانی لاواز بووە و سەیری کارەکانی ناکات و لێپرسینەوەی خۆی ناکات وەکو چۆن ئیمامی عومەر فەرموویەتی (لەخۆتان بپرسنەوە پێش ئەوەی لێتان بپرسنەوە ) , وە ابن مەسعود پێناسەی مسوڵمانان و دووڕوەکان دەکات و دەفەرموێت : : ( إن المؤمن يرى ذنوبه كأنه قاعد تحت جبل يخاف أن يقع عليه ، وإن الفاجر يرى ذنوبه كذباب مر على أنفه فقال به هكذا ) أي دفعه بيده . رواه البخاري فتح ١٠٢/١١ ، وانظر تغليق التعليق ١٣٦/٥ المكتب الإسلامي . واتە : ( مرۆڤی مسوڵمان کاتێك گوناهەکانی خۆی دەبینێت واهەست دەکات کە لە ژێر شاخێکدایە و دەترسێت کە شاخەکە بکەوێت بەسەریدا , بەڵام گوناهەکارەکان کاتێك کە گوناهەکانی خۆیان دەبینن وەك ئەوە سەیری دەکەن کە مێشێك نوسابێت بە لوتیەوە پاشان بڕوات و لایبەرێت ) واتە بەدەستی لێی بدات .

❖ نیشانەیەکی تری لاوازی ئیمان : بەکەمزانین و بەسوك سەیر کردنی کاری چاکەیە , گوێنەدانە چاکە بچوکەکان , ئیما احمد دەگێڕێتەوە کە أبي جري الهجيمي قال : أتيت رسول الله (ﷺ) ، فقلت يا رسول الله ؟ إنا قوم من أهل البادية فعلمنا شيئاً ينفعنا الله تبارك وتعالى به فقال : ( لا تحقرن من المعروف شيئاً ولو أن تفرغ من دلوك في إناء المستقي ، ولو أن تكلم أخاك ووجهك إليه منبسطاً ) مسند أحمد ٦٣/٥ وهو في السلسلة الصحيحة ١٣٥٢ , واتە : چوومە خزمەتی پێغەمبەری خودا و پێم ووت : ئێمە کە خەڵکی دەشتین (لادێ) شتێکمان فێر بکە کە خوای گەورە سودمان پێبگەیەنێت بەهۆیەوە , ئەویش فەرمووی : هەرگیز بەچاوی سوك و کەم سەیری کاری باشە مەکە هەتا ئەگەر دۆلکەیەك ئاو بدەیت بە کەسێك کە پێویستی پێیەتی یان کاتێك کە هاوڕێیەکی مسوڵمانت ئەبینی بەڕویەکی گەشەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت ) , کەواتە قسەکردنیش لەگەڵ خەڵکی بەڕویەکی کراوە و ڕوخۆشیەوە بۆخۆی کارێکی باشە , هەرچەندە ئەگەر سەیری

کردەوەکە بکەین لە ڕواڵەتدا کارێکی بچوکە بەڵام هەرگیز بەکەمی مەزانە , یان کاتێك دەچیتە مزگەوت پاکی بکەیتەوە ئەڤەر لابردنی گەڵایەکی وەریوەوە بێت لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوەی خوای گەورە لێت خۆشبێت , ئەی نەمان بیستووە کە پێغەمبەری (أ)خودا **فەرموویەتی :** : ( مر رجل بغصن شجرة على ظهر طريق فقال : والله لأنحين هذا عن المسلمين لا يؤذيهم فأُدخل الجنة ) رواه مسلم رقم ١٩١٤ .

واتە : پیاوێك بەڕێگەیەکدا تێپەڕی بینی کە لقەدارێك شڕبۆتەوە سەر ڕێگەکە , بۆیە ووتی : سوێند بەخودا دەبێت ئەم ئازارە لەسەر مسوڵمانان لابەرم , بەهۆی ئەو کارەوە چووە بەهەشت ) , وە ئەوەی ئەم کارانە بەکەم دەزانێت ئەوا ئەوەندە بەسە کە بێبەشە لە مژدانەی پێغەمبەر(أ) کە دەفەرمووێت : ( من أماط أذى عن طريق المسلمين كتب له حسنة ومن تقبلت له حسنة دخل الجنة ) رواه البخاري في الأدب المفرد رقم ٥٩٣ وهو في السلسلة الصحيحة ٣٨٧/٥ . واتە :( هەرکەسێك ئازارو ئەشکەنجەیەك لەسەر ڕێگەی مسوڵمانان لابەرێت ئەوا چاکەیەکی بۆ ئەنوسرێت , ئەوەی چاکەیەکی بۆ بنوسرێت و لای خودا وەربگیرێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ). وەجارێکیان مەعاز بەڕێگەیەکدا دەڕۆیشت بنی کە پاوێك بەردێکی لەسەر ڕێگەکە لابر

بۆیە مەعاز فەرمووی ئەی پیاو بۆچی ئەو بەردەت لابر ؟ پیاوەکەش ووتی : سوێند بەخودا گوێم لە پێغەمبەری خودابوو کە دەیفەرموو (هەرکەسێك بەردێك لەسەر ڕێگای خەڵکی لابەرێت ئەوا چاکەیەکی بۆ ئەنوسرێت , هەرکەسێك کە چاکەیەکی هەبێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە )

❖ نیشانەیەکی تری لاوازی ئیمان و باوەڕی : گرنگی نەدان بەکاری مسوڵمانان و یارمەتی نەدانیان بە دوعا خێرو یارمەتی دارای و ...هتد, چونکە مسوڵمان برای مسوڵمانانن بە فەرمودەی خوای گەورە وەلەگەڵ ئەوەشدا دەبێت برا هاوکاری برای خۆی بکات لەهەموو کاتە جیاوازەکاندا و بەشداری خۆشی و ناخۆشی بکات , لەوجۆرە کەسانە نەبێت کە دەڵێن :دەستبگرە بەکڵاوی خۆتەوە با کڵاوەکەت با نەیبان !! کە ئەم بۆچوونە زۆر هەڵەیە چونکە کێشەیەك کە تووشی براکەت بووە لەم ڕۆدا , پێدەچێت هەمان کێشە تووشی تۆش ببێت لە شبەینێدا , بۆیە هاوکاری نەکردنی مسوڵمانان نیشانەیەکی دیاری لاوازبوونی بیرو باوەڕو ئیمانەکەیەتی , پێغەمبەری خودا (أ) پێناسەی مرۆڤی مسوڵمان و ئیمانداران دەکات و دەفەرموێ : ( إن المؤمن من أهل الإيمان بمترلة الرأس من الجسد ، يألم

المؤمن لأهل الإيمان كما يألم الجسد لما في الرأس ) مسند أحمد ٣٤٠/٥ وهو في السلسلة الصحيحة ١١٣٧ . **واته : ( مسوڵمان و ئیمانداران وەك سەر وایە بەجەستەیەکەوە , کاتێك کە لەش ئازارێکی دەبێت , سەریش دەست دەکات بەئازار )**

- **نیشانەیەکی تر : نەمانی بناغەی ئەو خۆشەویستیەی کە لەبەر ڕەزامەندی خودا بووە : پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموویت :** ( ما تواد اثنان في الله عز وجل أو في الإسلام فيفرق بينهما أول ذنب { وفي رواية : ففرق بينهما إلا بذنب } يحدثه أحدهما ) البخاري في الأدب المفرد رقم ٤٠١ وأحمد في المسند ٦٨/٢ وهو في السلسلة الصحيحة ٦٣٧. **واتە: (دووکەس کە یەکتریان خۆشویست لەبەر خاتری خودا تەنها گونە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەیان ) , ئەمەش بەڵگەیەبۆ ئەوەی کە ئەنجامدانی گوناە دەبێتە هۆی لاوازی برایەتی و خۆشەویستی ناو مسوڵمانان , ئەو کەسەی کە گوناهیش ئەنجام دەدات خوای گەورە خۆشەویستی لە دڵی خەڵکی دەردەکات و ژیانێکی پڕ لەسەر شۆڕی و بێڕێزی دەداتێ, بێ بەشی دەکات لە هاوڕێیەتی مسوڵمانان و بێ بەشی دەکات لە ڕەحمەتی خۆی , چونکە ڕەحمەتی خودا تەنها بۆ ئیماندارانە .**

- **لەوانە : گوێنەدان و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام وە هەوڵنەدان بۆ بڵاو کردنەوەی خزمەتکردنی بە پێچەوانەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) چونکە ئەوان کە باوەڕیان ئەهێنا ڕاستەوخۆ هەستی لێپرسراویان لا دروست دەبوو و ڕاستەوخۆ دەگەڕانەوە ناو خێڵ و هۆزەکانیان و بانگەوازەیان بۆ ئاینی ئیسلام دەکرد ! . بەڵام بەداخەوە ئێستا کەسانێکی زۆر هەن کە دانیشتوون و دەڵێن بۆخۆمان پەیڕەوی دەکەین و ئەوانی تر کەیفی خۆیانە !! کە ئەم کارە ڕاست و دروست نی یە , چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی بەبڵاوکردنەوەی هەیە ئەگەر تەنها ووشەیەکیش بێت کە دەیزانیت .**

- **نیشانەیەکی تری لاوازبوونی ئیمان : دڵەڕاوکێ و بێ ئارامی لە کاتێکدا کە تووشی کێشەیەك یان نەهامەتیەك دەبێت زۆر تورە دەبێت و پێی تێکدەچێت و هەتاکوو وایلێدەکات کە هاوسەنگی تێك دەدات و بیرو هۆشی لای خۆی نامێنێت , ئەو جۆرە کەسانە توشی بێ ئومێدی و بێ هیوایی دەبنەوە لەکاتێکدا کە تووشی ئازارو کێشەیەك دەبن , کەلەڕاستیدا هۆکارەکەی لاوازی ئیمانی کەسەکەیە چونکە هەرکەسێك ئیمانی چەسپاو جێگیر بێت هەرگیز ڕەشبین و**

بێ هیوا نیە و توانای ئارامگرتنی هەیە لەکاتی گەورەترین کێشەدا کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە , چونکە دڵنیایە کە چاکە و خراپە هەرلای خوداوە لەسەری نوسراوە.

❖ نیشانەیەکی تر : زۆر بڵێ و موناقەشەکردنی زۆر : پێغەمبەر خودا (ﷺ) دەفەرموویێت : ( ما ضل قوم بعد هدى كانوا عليه إلا أتــوا الجــدل ) رواه أحمد في المسند ٢٥٢/٥ وهو في صحيح الجامع ٥٦٣٣ . واتە : (هیچ قەوم و هۆزێك گومڕا نابن و ناگەڕێنەوەسەر نەزانی پاش ئەوەی باوەڕیان هێنا , تەنها بە موناقەشەی زۆر نەبێ ) , ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە موناقەشەو گفتوگۆی بێ زانیاری و بێبەڵگە هۆکارێکە بۆ لادان لە ڕێگەی ڕاست کە ڕێگای ئاینی ئیسلامە , بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەندین کەس هەن کە موناقەشە لەگەڵ خەڵکی دەکەن بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرایان پێ بێت , ئەوەندە بەسە بۆ وازهێنان لەو کارە ناشرینە کە پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) ئامۆژگاریمان دەکات و دەفەرموێت ( أنا زعيم ببيت في ربض الجنة لمن ترك المراء وإن كان محقاً ) رواه أبو داود ١٥٠/٥ وهو في صحيح الجامع ١٤٦٤ . واتە:( من کەفیلی ماڵێك لە ناوەڕاستی بەهەشت دەکەم بۆ کەسێك کە وازبهێنێت لە موناقەشەو مشتومڕ ئەگەر لەسەر حەقیش بێت !!)

❖ یەکێکی تر لە نیشانەکانی لاوازی باوەڕ و ئیمان : خۆ هەڵواسین بەدونیاو خۆشەویستی دونیایە , کە ئەو کەسە وایلێدێت کە دڵی دەلکێت بە دونیاوە هەتاکو کاتێك کە شتێکی دونیای وەك ماڵ و سامان یان پلەو پایە یان ...هتد لەدەست دەدات , هەست بە ناخۆشیەکی لە ڕادەبەدەر دەکات و نەفسی خۆی دادەنێت بە چارە ڕەش و بێ بەخت , وە پێی ناخۆشە کاتێك کە مسوڵمانێك نیعمەتێکی هەبێت کە ئەم پێشتر لەدەستی چووە , بۆیە دەبێتە هۆی دروستکردنی حەسوودی لە دڵیدا , کە ئەم کارەش پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرموویێت : ( لا يجتمعان في قلب عبد الإيمان والحسد ) . رواه أبو داود ١٥٠/٥ وهو في صحيح الجامع ١٤٦٤ . . واتە :(کۆنابێتەوە لەدڵی بەندەیەکدا ئیمان و بیرو باوەڕی تەواو حەسودی )

## ٢ . کاری چاکە :-( **العمل الصالح** )

چەندین جار و لەچەندین شوێندا لە قورئاندی پیرۆزدا هاتووە کە بونی بیرو باوەڕی ڕاست و جێگیر هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت بە ویستی خودای گەورە , بەڵام هەمیشە  بیرو باوەڕیش پەیوەست و لکاوە بە کاری چاکەوە ,  وە دەرگاکانی کاروکردەوەی باش  سوپاس بۆ خودا زۆرن و فراوانن , وە ڕێگەکانی وەرگرتنی پاداشت چەندین جۆرن کەکەس ناتوانێت بیانژمێرێت تەنها خوای گەورە نەبێت , خوای گەورە دەفەرمووێت ({والذين آمنوا وعملوا الصالحات أولئك أصحاب الجنة هم  فيها خالدون} [ سورة البقرة :٨٢] واتە:(ئەوانەی کە ئیمانیان هەیە و کاروکردەوەی باش ئەنجام ئەدەن ئەوانە لە ئەهلی بەهەشتن و هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە).

## ٣ . لەخوا ترسان : (التقوى)

یەکێك لە باشترین پێناسەکانی تەقوا ئەوەیە :( هي الخوف من الجليل والعمل بالتنزيل والقناعة بالقليل والاستعداد ليوم الرحيل )

واتە : ( ترسان لە خودا و کارکردن بە قورئان , وە ڕازی بوون بە کەم , وە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی دوایی )

وە پێناسەیەکی تری تەقوا : کارکردنە بە ڕوناکی خوای گەورە (الكتاب والسنة) قورئان و فەرمووده شیرینەکانی پێغەمبەری ئازیزمان , وە بەئومێدی پاداشت تەنها لە خودا و دورکەوتنەوە لە گوناە , ترسان تەنها لە تۆڵەی خودا .

وە بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر لە بارەی لە خوا ترسان (التقوى) سەیری پەرتوکی ((مدارج السالكين)) و (( إغاثة اللهفان )) بکەن کە دانەرەکەی ( إبن قيم )ە ڕەحمەتی خوای لێبێت .

خوای گەورە دەفەرمووێت : ( وسارعوا إلى مغفرة من ربكم وجنة عرضها السموات والأرض أعدت للمتقين ) [ سورة آل عمران : ١٣٣] , (پێشبڕکێ بکەن بۆ لێبوردن و ڕەزامەندی خودا بۆ بەهەشتێك کە پانتایەکەی هێندەی ئاسمان و زەوی یە , کە دانراوە و ئامادەکراوە بۆ ئەوکەسانەی کە لە خودا دەترسن ) .

وە پێغەمبەری خودا (أ) دەفەرمووێت :( أكثر ما يدخل الناس الجنة التقوى وحسن الخلق ، وأكثر ما يدخل الناس النار الفم والفرج ) [ أخرجه الترمذي وابن ماجه وأحمد سلسلة الأحاديث الصحيحة ٩٧٧]. واتە : ( زۆرترین کەس لەوانەی کە ئەچنە بەهەشتەوە بەهۆی لەخواترسان (التقوى) و

خوڕەوشت جوانییەوە , وە زیاتری کە کە دەچێتە دۆزەخەوە بەهۆی دەم و عەورەتەوەیە )

## ٤ . گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی (أ) :( طاعة اللّه ورسوله )

**خودای گەورە دەفەرموێت :** :{ومن يطع الله ورسوله يدخله جنات تجري من تحتها الأنهار ، ومن يتولى يعذبه عذابا أليما } [ سورة الفتح : ١٧]

**واتە :( هەرکەسێك گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بێت , دەچێتە بەهەشتێك کە لەناویدا باخ و باخات و ئاو جۆگەی تێدا دەڕوات , وە هەرکەسێکیش پشت هەڵبکات ئەوا توشی سزایەکی بەئازارو بەئەشکەنجە دەبێت ) , وە ابو هورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (أ) فەرموویەتی** ((كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى ) قالوا يا رسول الله ومن يأبى ؟ قال ( من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى ) [ فتح الباري بشرح صحيح البخاري ١٣ /٢٤٩ . **واتە (هەموو ئومەتەکەم دەچێتە بەهەشتەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە نایانەوێت , هاوەڵەکانی پێغەمبەریش فەرموویان : کێ هەیە کە نەیەوێت ئەی پێغەمبەری خوا ؟ , پێغەمبەریش فەرموی : هەرکەسێك گوێڕایەڵیم بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە , وەهەرکەسێك بەگوێی نەکردم ئەوە نایەوێت بچێتە بەهەشت ) .**

## ٥. جەنگکردن لە پێناوی خوادا : (الجهاد فی سبیل اللّه)

**جەنگ کردن لە پێناوی خودا بریتی یە لەو جۆرە جەنگەی کە تەنها لە پێناوی خودایە و جەنگەکە دژ بە کافرەکان و بێ باوەڕەکانە , خودای گەورە دەفەرموێت :** { إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة يقاتلون في سبيل الله فيقتلون ويقتلون وعدا عليه حقا في التوراة والإنجيل والقرآن .. ) [ سورة التوبة : ١١١]

**واتە : ( خوای گەورە ماڵ وسامان و نەفسی باوەڕداران دەکڕێتەوە لە پاداشتیدا بەهەشتیان دەداتێ , دەجەنگێن لە پێناوی خوادا, دەکوژن و دەشکوژرێن , ئەمەش پەیمانێکی خودایە ڕاست و دروستە و پەیمانیان پێدراوە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا )**

**وە دەشفەرموێت :** : ( يا أيها الذين آمنوا هل أدلكم على تجارة تنجيكم من عذاب أليم . تؤمنون بالله ورسوله وتجاهدون في سبيل الله بأموالكم وأنفسكم ذلكم خير لكم إن كنتم تعلمون . يغفر لكم ذنوبكم ويدخلكم جنات تجري من

تحتها النهار ومساكن طيبة في جنات عدن ذلك الفوز العظيم } [سورة الصف : ١٠) .

**واتـه : (واتـه ئـەی ئەوکەسـانه باوەڕتـان هێنـاوه ئەتانـەوێت ڕێگـەتان پێنیشان بدەم بۆ بازرگانیەك كه ڕزگارتان بكات لـه سزای سـەختی ڕۆژی دوایی ؟ , باوەڕبهێنن به خودا و بـه پێغەمبەرەكـەی وه جیهاد بكـەن لـه پێنـاوی خـوادا بـه مـاڵ و سـامان و نەفـستان وه سودو قـازانجی هەیـه بـۆ ئێـوه ئەگـەر بـزانن , بـەهۆی ئەوانـەوه خـوای گـەوره لـه گوناهـەكانتان خۆشـدەبێت و دەتانخاتـه بەهەشـتێكەوه كـه بـاخ و باخاتـەو بـه ژێریانـدا ئـاوی پێـدا دەڕوات , وه شـوێن و جێگـەو ڕێگەیـەكی خـۆش و بـاش لـه بەهەشتدا كه بەڕاستی ئەمه سەركەوتن و سەرفرازی ڕاستی یه .**

## ٦ . پەشیمان بوونەوەلە گوناه و گەڕانـەوه بـۆ لای خـودا : (التوبة)

**تەوبەو پەشیمان بوونەوه لەگوناه و گەڕانەوه بۆلای خودا دەبێتـه هۆی لێخۆشـبوونی ئـەو گوناهانـەی كـه پێـشوتر ئـەنجام دراون , بـه پێـی ئـەو فەرموودەیەی پێغەمبەری سەروەرمان (أ) كه دەفـەرموویێت :** ( التائب من الذنب كمن لا ذنب له) (رواه ابن ماجة وغيره ، صـحيح الجـامع ٣٠٠٨],

**واتـه:(ئەوكەسـەی كـه تەوبـه ئـەكات لـه گوناهێـك وەك ئەوەوایـه هـیچ گوناهێكی نەكردبێت) , وه خودای گەوره دەفـەرموویێت :** { إلا من تـاب وآمن وعمل صالحا فأولئك يدخلون الجنة ولا يظلمون شيئا } ( سورة مريم :٦٠)

**واته:(تەنها ئەوانەی كه تەوبـه دەكـەن و ئیمانیـان هەیـه و كـاروكردەوەی بـاش ئـەنجام دەدەن , ئەوانـه ئەچـنه بەهەشـت و هـیچ سـتەمێكیان لـێ ناكرێت ) .**

## بۆچی تەوبه بكەین ؟؟

**چونكه خۆشیەكانی دونیا هەرچەندەبێت زۆر بێت یان كەم شتێكی كاتی و كۆتایی هەیه , وه هەركەسێك له ئێمه خودای گەوره ژیانێكی دیاری كراوی بۆ داناوه و نەزیاد و نەكەم ناژی ! , بۆیه باوامان لێنەیات كه خۆشەویستی دونیاو ئەوانەی كەتێیدایەتی خواو ڕۆژی دوایمان لەبیر بەرێتەوه , خوای گەوره چۆن پاداشتی داناوه بۆ بەنده ئیماندارەكانی لەهەمانكاتیشدا دۆزەخی داناوه بۆ بێ باوەڕان و سەرپێچی كەرەكان , حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت : (ئەی نەوەی ئادەم تۆ چەند ڕۆژێكیت , ئەگەر ڕۆژێكت ڕۆیشت ئەوا بەشێكت دەڕوات !!) , بۆ یه پێویسته هەر له دونیادا پەشیمان ببینەوه لەوگوناهانەی ئەنجامان داوه بۆئەوەی كه وەك ئەو كەسانەمان لێنەیات**

که خوای گەورە پەنامان بدات کە لە ڕۆژی دوایدا پەشیمان دەبنەوە و کە لەوڕۆژەدا پەشیمان بوونەوە هیچ سودێکی نی یە , وە لەوکاتە دا دەڵێن "خوایەگیان بمانگەڕێنەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ ئەوەی کە کاری باش ئەنجام بدەین و تەوبە بکەین" بۆیە وەك ئەوانمان لێنەیات با لە ئێستاوە خاڵی دەستپێکی تەوبەکردنمان دابنێین و لەم ساتەوە داوای لێخۆشبون بکەین لە خوای گەورە , چونکە خوای گەورە لێبوردە و بەسۆزە .

## چۆن تەوبە بکەین ؟؟

پیاوێك هاتە خزمەتی ئیمامی حسین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتی : ئەی ئیمام هەجارێ کە تەوبە دەکەم بەڵام پاش ماوەیەك دێمەوەسەر گوناهەکە ! چی بکەم باشە ؟؟

ئیمامی حسین پێج ڕێگەچارەی بۆ دانا :

یەکەم : گوناه بکە لە شوێنێکدا کە خودا نەتبینێت !

دووەم : گوناه بکە لە شوێنێدا کە خاوەنەکەی خوا نەبێت !

سێهەم : لە ڕزق و ڕۆزی خودا مەخۆ کاتێك کە گوناهت ئەنجام دا !

چوارەم : کاتێك کە فریشتەی ڕوحکێشان هات ڕوحت بکێشێت پێی بڵێ چاوەڕوان بە تا تەوبەدەکەم !

پێنجەم : کاتێککە خوای گەورە ڕات ئەوەستینێت بۆ لێپرسینەوە لە ڕۆژی دوایدا , تۆش درۆ بکەو بڵێ خوایەگیان من هیچ گوناهم نەکردووە و هیچ کات پشتم هەڵنەکردووە لە ئاینەکەت کە ئاینی ئیسلامە !

پیاوەکەش ووتی : تۆ بەشایەت بە ئەوا من تەوبەیەکی وا دەکەم کە جارێکی تر نەگەڕێمەوە سەرگوناهەکانم , چونکە بۆکە بۆم دەرکەوت هیچ ڕێگەیەك نی یە بۆ ڕزگار بوون جگە لە تەوبەکردن .

## تەوبەی ڕاست چی ؟؟ (توبة النصوح)

تەوبەکردن پێویستە بکرێت بۆ هەموو گوناهانەی کە بەندەکان ئەنجامیان داوە لەنێوان خۆیان و خوادا , کەئەم تەوبەیەش سێ هۆکار هەیە بۆ ئەوەی تەوبەکە گیرابێت و خوای گەورە لە گوناهەکە خۆش بێت , :-

١- پێویستە بەیەکجارەکی واز لەگوناهەکە بهێنرێت .

٢- پێویستە ئیهانەی ئەو گوناهە بکات کە پێشووتر کردوویەتی .

٣- بڕیار بدات کە جارێکی تر نەگەڕێتەوەسەر گوناهەکە .

وە هەریەکێك یەکێك لەو خاڵانەی لەدەست دا ئەوا تەوبەکەی قبوڵ نی یە و لای خودا گیرا نابێت .

**خوای گەروە دەفەرموێت :** (وتوبوا إِلى الله جميعا أيها المؤمنون لعلكم تفلحون)، **واتە : (تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆئەوەی سەرکەوتوی دونیاو قیامەت بن)**

## چی بکەین پاش ئەوەی کە تەوبەمان کردو پەشیمان بووینەوە لە گوناهەکانمان ؟

**دەتوانین کاتەکانی ڕۆژانەمان بەپێی توانا دابەش بکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە : -**

**یەکەم** : **نوێژکردن لەکاتی خۆیدا و ئەنجامدانی بە کۆمەڵ (جماعە)**

**نوێژ یەکەم ڕوکنەکانی دینە کە خوای گەورە لە بەرپیرۆزی نوێژ لە ئاسماندا لە شەوی ئیسراو میعراجدا واجبی کرد لەسەر پێغەمبەرو ئومەتەکەی , وە بەبناغەو کۆڵەکەی دین دادەنرێت , وەهەرکەسێك کە نوێژ بکات ئەوا ڕوکنێکی گرنگی ئیسلامی ئەنجام داوە , وەهەرکەسێك کە وازی لێبهێنێت یان هەر نەیکات ئەوا وازی لەدین هێناوە بەوتەی پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) کە دەفەرموێت :** (بين الرجل وبين الكفر ترك الصلاة) ـــ رواه أحمد ومسلم وأبو داود والترمذي وابن ماجه

**واتە : (لەنێوان مسوڵمان و بێباوەڕاندا تەرکردنی نوێژە) واتە جیاوازی نێوان مسوڵمانان و بێباوەڕەکان نوێژە بە پێی ئەو فەرموودەیەی سەروەرەکەمان، وە هەرکەسێك نوێژی تەرك کرد و وازی لێهێنا ئەوا کافر دەبێت بە پێی ئەم فەرموودەیەی کە دەفەرموێت :** (العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر ـــ رواه أحمد وأصحاب السنن) **واتە : ( ئەو جیاوازیەی کە هەیە لە نێوان ئێمەو ئەواندا (بێ باوەڕان) هەیە نوێژە , هەرکەسێکیش تەرکی بکات ئەوا کافر دەبێت ) , خوای گەورە باسی ئەهلی دۆزەخ دەکات لە قورئاندا دەفەرموێت** (ما سلككم في سقر قالوا لم نك من المصلين)**واتە :(چی وای لێکردن ببن بە ئەهلی صقر کە شوێنێکە لە دۆزەخدا ؟؟ ئەوانیش دەڵێن لەبەرئەوەی ئێمە لە نوێژخوێنەکان نەبووین لە دونیادا !! , وە لەهەمانکاتیشدا لە زۆر شوێندا خوای گەورە مژدەدەدات بە نوێژخوێنەکان و پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) دەفەرموێت :**( أرأيتم لو أن نهرا بباب أحدكم يغتسل منه كل يوم خمس مرات ـــ هل يبقى من درنه شيء؟ قالوا لا يبقى من درنه شيء ـــ فقال فذلك مثل الصلوات الخمس يمحو الله بهن الخطايا ـــ رواه البخاري ومسلم،

بەپێی ئەم فەرموودەیە هەرکەسێك پێنج فەرزە دەستنوێژ بگرێت و نوێژ بکات ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی پێ لادەبات , لەپاشان دەبێت ئاگامان لەوە بێت ئایا نوێژەکانمان ئەوەیە کەخوای گەورە داوای کردووە ؟ یان وەك ئەو نوێژەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامی داوە ؟ چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :(صلوا کما رأيتموني اصلي) واتە : ( نوێژبکەن بەوشێوازەی کەمنتان بینیوە نوێژم کردووە).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەشفەرموێت : ـــ الصلوات الخمس والجمعة إلى الجمعة كفارة لما بينهن ما لم تغش الكبائر ـــ رواه مسلم , واتە :نوێژە فەرزەکان پێنج نوێژن , لەجومعەوە بۆ جومعە دەبێتە کەفارەت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکان, بەمەرجێك کە گوناهەگەورەکانی تێدا ئەنجام نەدرابێ (الکبائر) .

<u>تێبینی</u> : بۆزانینی شێوازی نوێژی پێغمبەر (ﷺ) چەندین کتێب هەن کە دەتوانین سودیان لێوەربگرین , لەوانە کتێبی (چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەر (ﷺ)) کە لەدانانی زانای گەورە (محمد ناصر الدين البانى) کە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی شیرینی کوردی لەلایەن مامۆستا (عدنان بارام)ەوە .

<u>**دووەم**</u> : ویردەکانی بەیانیان و ئێواران و ویردەکانی ڕۆژانەو تەسبیحاتکردن :

ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی کە مرۆڤ دەپارێزێت لە جەنگی شەیتان و هاوشێوەکانی شەیتان بەدرێژایی شەو و ڕۆژ وەك ویردەکانی بەیانیان و ئێواران و خەوتن و لەخوهەڵسان و .....هتد , وە خوای گەورە خۆی بەڵێن دەدات بەوانەی کە یادی خوا دەکەن و دەفەرمووێت : (والذاكرين الله كثيرا والذاكرات أعد الله لهم مغفرة أجرا عظيما) واتە :(ئەوانەی کە یادی خوا زۆر دەکەن لە (نێر و مێ ) خوای گەورە لێیان خۆشدەبێت و پاداشتی گەورەی بۆ داناون )

وە دەفەرموێت :( وسبح بحمد ربك قبل طلوع الشمس وقبل غروبها) واتە : (یادی خوا بکەن پێش خۆرهەڵاتن و پێش خۆرئاوابوون) .

وە چەندین ویرد هەن کە زۆر فەزلیان گەورەیە و لای خوای گەورە خۆشەویستە , لەوانە کە "ئیبن زەر" ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ( ئایا ئەتانەوێت پێتان ڕابگەیەنم کە

**خۆشەویسترین ووشە لای خودا چی یە ؟ , خۆشەویسترین ووشە لای خودا — سبحان الله وبحمده — واتە پاك و بێگەردی و سوپاس بۆ خودا .**

**سێیەم** : **خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز :**

**قورئان ئەو پەیامە پیرۆزەیە کە خوای گەورە بە خەڵات بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ناردوویەتی , وە پەیامێکە بۆ ئێمەیش چونکە ئێمەیش شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرەین , باشتر وایە کە ڕۆژی جوزئێك یان زیاتر بخوێنرێتەوە لە و قورئانە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرموێت :** (أقرؤوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصحابة — رواه مسلم) **واتە : ( قورئان بخوێنن چونکە ئەو قورئانە لە ڕۆژی دوایی دەبێتە تکاکار بۆ خوێنەرەکانی) , وە دەشفەرموێت :** (من قرأ حرفا من كتاب الله فله حسنة والحسنة بعشر أمثالها لا أقول — ألم حرف ولكن ألف حرف ولام حرف وميم حرف — رواه الترمذي , **واتە: ( هەرکەسێك لە ئێوە پیتێك کتێبەکەی خوای خوێندەوە (کە قورئانە) ئەوا دە چاکەی بۆ دەنوسرێت , وە ناشڵێم "ألم" پیتێکە چونکە "ألف" پیتێکە "لام" پیتێکە وە "م" پیتێکە کەواتە بە خوێندنەوەی تەنها "الم" سی پاداشتمان دەستدەکەوێت ! , وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :** (إن الذي ليس في جوفه شيء من القرآن كالبيت الخرب — رواه الترمذي ) **واتە : ئەوکەسەی کە هیچ قورئانی لەبەر نەبێت وەك ماڵێکی وێران وایە ) .**

**چوارەم** : **بەشداری کردن لە کۆڕو کۆمەڵی زانیاری لەماڵ بێت یاخود مزگەوت :**

**ئەم جۆرە بەشداری کردنە بریتی یە لە بەشداری کردن لەو کۆڕوکۆمەڵەی کە بتوانرێت سود و قازانجی لێوەربگیرێت و تێیدا فێری یاساکانی شەرع و قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ببین, چونکە پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) دەفەرموێت :** (— ومن سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل الله له به طريقا إلى الجنة — رواه مسلم) **واتە : هەرکەسێك ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆ ئەوەی تێیدا فێری زانست و زانیاری بێت ئەوا خوای گەورە ڕێگەی بۆ ئاسان دەکات بۆ بەهەشت .**

**پێنجەم** : **هەڵسان بۆ شەونوێژ کردن هەرچەندە ئەگەر کەمیش بێت :**

**چونکە باشترین نوێژ لەدوای نوێژە فەرزەکان نوێژی شەونوێژە , ئەم نوێژەش دەگونجێت کە ئەنجام بدرێت لەدوای نوێژی خەوتنان تاکو نوێژی بەیانی , بەڵام باشترین کات بۆ شەونوێژ لە سێیەکی شەودایە , لە ابن مسعودەوە کە دەفەرموێت:** ( ذكر عند النبي (ﷺ) رجل نام ليلة حتى أصبح ـــ فقال ذاك رجل بال الشيطان في أذنيه ـــ أو قال في أذنه ـــ رواه البخاري ومسلم **واتە باس کرا لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە ئەمشەو پیاوێك خەوتووە تاکو بەیانی , پێغەمبەریش فەرمووی ئەوپیاوە شەیتان میزی کردووە بەگوێیدا ! .**

**ئەمەش ئەو پێنج کارەبوو کە باش وایە لەدوای تەوبەکردن ئەنجام بدرێت لە هەموو ڕۆژێکدا , وە لەگەڵ ئەو نوێژە سوننەتەکان کە دوانزە ڕکاتن لە ڕۆژێکدا کە دیاری کراون بەم شێوەیە :**

**دوو ڕکات پێش نوێژی بەیانی – چوار ڕکات پێش نوێژی نیوەڕۆ و دوو ڕکاتیش لەدوای – دوو ڕکاتیش دوای مەغریب – دوو ڕکات دوای عیشا – ئەمەش جگە لەنوێژی وەتر و ضوحی کە سونەتێکی گەورەن .**

**بەهیوای ئەوەی خوای گەورە تەوبەکانمان لێقەبووڵ بکات و ڕێگامان ئاسان بکات بۆ بەهەشتەکەی خۆی .ئامین ....**

## ٧ . بەردەوامبوون و مانەوەلەسەر دین :(الإستقامة على الدين)

**کە یەکێکە لەهۆکارەگردنگەکانی چوونە بەهەشت , چونکە خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت :** ((إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ )) الأحقاف ١٣ **, واتە : ( ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بەخوا و بەردەوام دەبن ئەوانە هیچ ترسیان نی یەو دلگرانیش نین )**
وعن سفيان بن عبد الله الثقفي قال : قلت يا رسول الله قل لي في الإسلام قولا لا أسأل عنه أحدا بعدك . قال ( قل آمنت بالله ثم استقم ) [رواه مسلم شرح صحيح مسلم لنووي : ٣٦٧/٢].

**لە سوفیانی کوڕی عبداللە سەقەفی (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت : بە پێغەمبەری خوام ووت قسەیەکم پێبڵێ لە ئیسلامدا کە کەس لەدوای تۆ پرسیاری نەکات , ئەویش فەرمووی : بڵێ باوەڕم هێنا بە خوا و بەردەوامیشبە لەسەری .**

## ٨. داواکردنی زانیاری لەبەرخاتری خودا :

**لە ابی هورەیرەوە کە دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی** (ومن سلك طريقا يلتمس فيه علما ، سهل الله له به طريقا إلى الجنة ،و ما اجتمع قوم في

بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله ويتدارسونه إلا نزلت عليهم السكينة وغشيتهم الرحمة وحفتهم الملائكة وذكرهم الله فيمن عنده ، ومن بطأ به عمله لم يسرع به نسبه ) [ شرح صحيح مسلم لنووي ٢٤/١٧] .)**واته :**

**( هەرکەسێك ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆ فێربوونی زانست و زانیاری ئەوا خوای گەورە ڕێگەیەکی بۆ ئاسان دەکات بۆ چوونە بەهەشت , وەهەر کۆڕو کۆمەڵێك کۆببنەوە لەماڵێك لەماڵەکانی خوادا و کتێبەکەی کە قورئانە بخوێننەوە و لێکۆڵینەوەی شەرعەکەی بکەن ئەوا ئارامی بەسەریاندا دادەبارێت و بەزەییوو سۆز و درودی خودا دایان دەپۆشێت و فریشتەکانی خوا دەورەیان دەدەن , خوای گەورە یادیان ئەکات و باسیانی دەکات لەلای خۆی , وە هەرکەسێکیش کاروکردەوەی بەتاڵ بێت ئەوا ڕەچەڵەك و نەسەبی بەکەڵکی نایەت !! ))**

## ۹. دروستکردنی مزگەوت :

**دروستکردنی مزگەوت کارێکی خێری گەورەیە بە پێی توانا ئەگەر کەسێك لە توانایا هەبوو دروستی بکات , پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی :** ( من بنى مسجدا يبتغي به وجه الله بنى الله له مثله في الجنة ) **﴿ فتح الباری ١/٥٤٤﴾ , واتە : ( هەرکەسێك مزگەوتێك دروستبکات تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خودا بێت ئەوا خوای گەورە بەهەمان شێوە ماڵێکی بۆ دروستدەکات لە بەهەشتدا)**

## ۱۰. ڕەوشت بەرزی و خوڕەوشت جوانی :

**پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت :** ( أنا زعيم بيت في ربض الجنة ، لمن ترك المراء وإن كان محقا ، وبيت في وسط الجنة لمن ترك الكذب ، وإن كان مازحا ، وبيت في أعلى الجنة لمن حسن خلقه ) [ رواه أبو داود والضياء ، صحيح الجامع١٤٦٤ )

**واتە: (من کەفیلی ماڵێکم لەناو بەهەشتدا بۆ کەسێك کە وازبهێنێت لە موناقەشەو مشتومڕ ئەگەر لەسەر حەقیش بێت , وە کەفیلی ماڵێکم لە ناوەڕاستی بەهەشت بۆ کەسێك کە درۆ تەرك بکات ئەگەر بۆ گاڵتەشبێت , وە کەفیلی ماڵێکم لەبەرزترین شوێنی بەهەشت بۆ کەسێك کە "خوڕەوشت بەرز و خوڕەوشت جوانبێت " )**

## ۱۱, وازهێنان لە موناقەشەکردن و مشتومڕکردن و گومان خستنە دڵی خەڵکی یەوە :

**پێغەمبەر(ﷺ) لەوفەرموودەیەی پێشوو کەباسمان کرد دەفەرموێت :(** أنا زعيم بيت في ربض الجنة ، لمن ترك المراء وإن كان محقا) **واتە:( من کەفیلی ماڵێکم لەناو بەهەشتدا بۆ کەسێك کە وازبهێنێت لە موناقەشەو مشتومڕ ئەگەر لەسەر حەقیش بێت)**

## ١٢. وازهێنان لە درۆ :

**پێغەمبەر(ﷺ) لەوفەرموودەیەی پێشووتر کەباسمانکرد دەفەرموێت:** (وبيت في وسط الجنة لمن ترك الكذب ، وإن كان مازحا) **واتە(کەفیلی ماڵێکم لە ناوەڕاستی بەهەشت بۆ کەسێك کە درۆ تەرك بکات ئەگەر بۆ گاڵتەشبێت) واتە گاڵتەکردن و سوعبەتکردنیش کارێکی باش نی یەو پێویستە هەوڵ بدرێت واز لە هەندێك جۆر گاڵتە بهێنرێت کە لە بناغەدا درۆیە و وە هەمووشمان دەزانین درۆکردن یەکێکە لە نیشانەکانی دووڕووەکان .وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت (آیەت المونافق ثلاثة : إذا حدث كذب , .......) واتە نیشانەکانی مونافیق و دوڕوو سێ شتن : کاتێك کە قسە دەکەن درۆ دەکەن , کاتێك کە پەیمان دەدات پەیمانەکەی ناباتەسەر , وەکاتێکیش کە ئامانەتێکی لا دادەنێیت خیانەتی لێدەکات .**

## ١٣. دەستنوێژ گرتنی بەردەوام و ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژ دوای هەموو بانگێك :

**لە عبداللە کوڕی بەریدە کە ئەویش لەباوکیەوە(ڕەزای خوا لە هەردووکیان بێت) دەگێڕێتەوە کە بەیانیەکیان پێغەمبەر (ﷺ) بانگی بیلای کردوو پێی فەرموو** ( يا بلال بم سبقتني إلى الجنة ؟ إنني دخلت البارحة الجنة فسمعت خشخشتك [ أي صوت مشيك ] أمامي ؟ ) فقال بلال : يا رسول الله ! ما أذنت قط إلا صليت ركعتين ، ولا أصابني حدث قط إلا توضأت عنده . فقال رسول الله ع ( بهذا ) ( صحيح الترغيب والترهيب ١٩٤ ]

**واتە : (فەرمووی ئەی بیلام بە چ شتێك پێش من کەوتووی لە بەهەشتدا ؟؟ ! من دوێنێ شەو لەخەومدا چومە بەهەشت و گوێم لە خشەی پێت بوو لە پێشمەوەبوویت ؟؟ بیلالیش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خودا " هیچ کات بانگم نەداوە نوێژم نەکردبێت لەدوای بانگەکە , وە هیچ کات بێدەستنوێژ نەدەبووم هەرکاتێك دەستنوێژم بشاکایە ئەوا دەستنوێژم دەگرتەوە , پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ئا بەوە بووە !! ) مەبەستی نوێژی سونەتەکە و دەستنوێژەکەیە .**

## ١٤. چوون بۆ مزگەوت و بەدەنگەوە چوونی بانگ :

**لە ئەبوهورەیرەوە (ر.خ) دەفەرمووێت پێغەمبەری خوا (أ)** ( من غـــدا إلى المسجد أو راح أعد الله له في الجنة نزلا كلما غدا أو راح ) [ شرح صحيح مسلم للنووي ١٧٦/٥] ويقول الإمام النووي رحمه الله في شرح هذا الحديث : ( قوله ε : أعد الله له في الجنة نزلا ، النزل ما يهيأ للـضيف عنـد قدومــه). **واتـە : (هەرکەسێك بەیانیا و ئێواران بچێت بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی فەرزەکان ئەوە خوای گەورە جێگایەکی بۆ تـەرخان دەکات لە بەهەشتدا لەپاداشتی ڕۆشتنەکەی) وە ئیمامی نـەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ڕاڤـەی ئـەو فەرموودەیـەدا دەفـەرمویت (خـوای گـەورە جێگەیـەکی بـۆ تەرخان دەکات لە بەهەشتدا , واتە ئـەو جێگەیـەی کە ئامادەدەکرێت بۆ میوانێـك کـە دێـت) کەواتـە بۆمـان دەرکـەوت سـەردانکردنی مزگـەوت و ئەنجامـدانی نوێـژ بـە کۆمـەڵ (جەماعـەت) هۆکـارێکن کـە خـوای گـەورە پاداشتێکی یەکجار گەورەی بۆ داناوە ئەویش بەهەشتێکی نەبڕاوەیە .**

## ١٥. سوجدەبردنی زۆر :

روى الإمام مسلم في صحيحه عن ربيعة بن كعب الأسلمي قال : كنت أبيت مع رسول الله ε فأتيته بوضوئه وحاجته ، فقال لي : ( ســل ) ، فقلــت : أســأل مرافقتك في الجنة ، فقال ( أو غير ذلك ) ، قلت : هو ذاك ، قال: ( فأعني علــى نفسك بكثرة السجود ] ( شرح صحيح مسلم النووي ٤/ ٤٥١]

**ئیمـامی موسـلم دەگێڕێتـەوە کـە ئـەویش لـە ڕەبیعـەی کـوڕی کـەعبی ئەسلەمی کە دەفەرمووێت : لەخزمـەتی پێغەمبـەر(أ) مامـەوە , هەنـدێك ئـاوم بۆهێنـا تـاوەکو دەسـتنوێژ پێبگرێت , پێغەمبـەریش (أ) لەپاداشـتی ئـەوەدا فـەرمووی : (چیت ئـەوێت ؟ داوای شـتێکم لێبکـە) , منـیش ووتم ئەمـەوێت هـاوڕێتبم لـە بەهەشـتدا , پێغەمبـەر(أ) فـەرمووی :( چیتر ؟ جگەلــەوە) منــیش وتم : هەرئــەوە , پێغەمبــەریش (أ) فــەرمووی : (یارمەتی خۆتبدە بۆ چوونە بەهەشت بە زۆر سوجدە بردن )**

## ١٦. حەج کردن لە پێناوی خوادا :

**بریتی یە لەوحەجەی کەتەنها مەبەستێك کە حاجی یە هەیبێت ڕەزامەندی خودا بێت , پێغەمبەری خوا (أ) دەفەرمویت :** ( من حج فلم يرفث ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه ) [ رواه البخاري وغيره فتح الباري ٣٨٢/٣] , **واتە : هەرکەسێك حەجبکات بەمەرجێك قسەی پڕوپوچ و بێمانا نەکات و وە گوناهیشی تێدا ئەنجام نەدات ئەوا وەك ئەوەوایە تازە لە دایك بووبێت هیچ گوناهێکی نامێنێت )**

وه دەشفەرمویت : ( الحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة ) [ رواه الأمام أحمد الطبراني ، صيح الجامع ٣١٧٠] **واته :( حەجی وەرگیرا و پەسەندکراو لەلای خوا ئەوەندەگەورەیە کە هیچ پاداشتێك قابیلی نی یە تەنها بەهەشت نەبێ )**

## ١٧. خوێندنی ((آية الكرسي)) لەدوای هەموو نوێژەکان :

**له ابی أمامەی باهیلی (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ( من قرأ آية الكرسي في دبر كل صلاة لم يحل بينه وبين دخول الجنة إلا الموت ) [ أخرجه النسائي وابن السني وغيرهما _ السلسلة الصحيحة ٩٧٢] **واته: (هەرکەسێك آية الكرسي بخوێنێت لەدوای هەموو نوێژەکاندا , هیچ شتێك لەبەینی ئەو و بەهەشتدا نی یە تەنها مردن نەبێت ) بەمانای مردن جیای کردۆتەوە لە بەهەشت ئەگەر مرد ئەوا ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ بەهەشت .**

**وەچەند ویردێکی تر هەن کە ئەنجامدانیان دەبێتەهۆی ڕەزامەندی خودا و چوونە بەهەشت , پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرمووێت :** (سيد الاستغفار: أن يقول : اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت ، خلقتني وأنا عبدك ، وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت ، أعوذ بك من شر ما صنعت ، أبو لك بنعمتك علي وأبوء لك بذنبي ، اغفر لي ، فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت ) قال: ومن قالها في النهار موقنا بها فمات من يومه قبل أن يمسي فهو من أهل الجنة ، ومن قالها من الليل وهو موقن بها فمات قبل أن يصبح فهو من أهل الجنة ) [ فتح الباري ٩٧/١١]

**هەرکەسێك ئەم ویردەی ووت لە ڕۆژدا و باوەڕی پێی هەبێت ئەوا ئەگەر مرد ئەوا ئەهلی بەهەشتە , وەئەگەر یەکێك لە شەودا ووتی باوەڕی پێی هەبوو , مرد پێش ئەوەی ڕۆژ بکاتەوە ئەوە ئەهلی بەهەشتە )**

## ١٨. ئەنجامدانی دوانزە ڕکات نوێژی سوننەت لە شەو ڕۆژێکدا : -

**لە أم حبيبه –ڕەحمەتی خوا لێبێت- کە دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ( من صلى في يوم وليلة اثنتين عشرة ركعة بني له بيت في الجنة : أربعا قبل الظهر ، وركعتين بعدها ، وركعتين بعد المغرب ، وركعتين بعد العشاء ، وركعتين قبل صلاة الغداة [ الفجر ] ) [ رواه الترمذي ، صحيح الجامع ٦٣٦٢]

**واته : ( هەرکەسێك لەشەوڕۆژێکدا دوانزە ڕکات نوێژی سونەت بکات ئەوا خوای گەورە ماڵێکی بۆ دروستدەکات لە بەهەشتدا : چوار ڕکات**

پێش نوێژی نیوەڕۆ – دوو ڕکاتیش لەدوای- دوو ڕکات دوای مەغریب , دوو ڕکاتیش دوو ڕکاتیش دوای عیشا- دوو ڕکاتیش پێش نوێژی بەیانی )

## ١٩. سەلام کردن وناندان و پەیوەندی خزمایەتی و نوێژکردن بەشەو:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (( يا أيها الناس : أفشوا السلام ، وأطعموا الطعام ، وصلوا بالليل والناس نيام ، تدخلوا الجنة بسلام ) [ رواه ابن ماجه وغيره . صحيح سنن ابن ماجه ١٠٩٧] , واتە : ( ئەی خەڵکینە : سڵاو لەخەڵکی بکەن , نان و خواردن بدەن بەخەڵك , نوێژبکەن بەشەو لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون , دەچنە بەهەشتەوە بەسەلامەتی و بێ هیچ کێشەیەك )

## ٢٠. تایبەتە بە ئافرەتان (( ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە , ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان , وەپاراستنی عەورەت , گوێڕایەڵی پیاوان ..

ابی هورەیرە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إذا صلت المرأة خمسها ، وصامت شهرها ، وحصنت فرجها ، وأطاعت زوجها ، قيل لها: أدخلي الجنة من أي أبواب الجنة شئت ) [ صحيح الجامع ٦٦٠]

واتە : :( ئەگەر ئافرەتێك پێنج نوێژە فەرزەکەی ئەنجام دا , وە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی گرت, پارێزگاری کرد لەعەورەتی خۆی , وە گوێڕایەڵی پیاوەکەی کرد , ئەوە پێی دەوترێت لە ڕۆژی دوایدا : بڕۆرە بەهەشتەوە لە هەردەرگایەك کە ئارەزووی دەکەیت )

## ٢١. ڕاستگۆیی لە کاتی قسەکردندا , وە پابەندبوون بە بەڵێنەکانەوە, پاراستنی ئەمانەتەکان , پاراستنی عەورەت,پاراستنی چاو لە سەیرکردنی حەرام, ئازارنەدانی خەڵکی بە دەست (پاراستنی دەست).

لە عەبادەی کوڕی صامت کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (اضمنوا لي ستا من أنفسكم اضمن لكم الجنة ، اصدقوا إذا حدثتم ، وأوفوا إذا وعدتم ، وأدوا إذا ائتمنتم ، واحفظوا فروجكم وغضوا

أبصاركم ، وكفوا أيديكم ) .   رواه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم وغيرهم وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة

**واتە: گرنتی (ضمان) ی شەش شتم بدەنێ لە نەفسی خۆتان منیش گەرەنتی بەهەشتان دەدەمێ , ڕاستبڵێن کە قسەتان کرد , پابەندبن بە بەڵێنەکانتانەوە کاتێك کە بەڵێنتان دا , پارێزگاری بکەن کاتێك ئەمانەتتان لادادەنرێت , وە پارێزگاری بکەن لە عەورەتتان و چاویشتان بپارێزن لە بینینی حەرام و دەستەکانتان بپارێزن لەکاری نابەجێ و حەرام )**

## ٢٢. گرتنەئەستۆی بەخێوکردنی سێ کچ یان سێ خوشك یان زیاتر

**لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە –ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێت : پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی : (** من كن له ثلاث بنات ،أو ثلاث أخوات،فاتقى الله وأقام عليهن كان معي في الجنة هكذا،وأومأ بالسبابة والوسطى)

**واتە : هەرکەسێك سێ کچ یان سێ خوشکی هەبێت لەخوا بترسێت و مافەکانیان بداتێ , ئەوە لە بەهەشتدا لەگەڵ مندایە بەم شێوەیە – کاتێك کە فەرمووی بەم شێوەیە , هەردوو پەنجەی شایەتمان و ئەوەی تەنیشتی دەلکان بەیەکەوە -) واتە ئاوەها بەیەکەوەین وەك ئەو دوو پەنجەیە لەیەك نزیکین .**

## ٢٣. ئارامگرتن خۆگرتن لە کاتی مردنی منداڵ یان خۆشەویستێك :

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ( من احتسب ثلاثة من صلبه ، دخل الجنة قالت امرأة: واثنان؟قال:واثنان )[ رواه النسائي وابن حبان ، صحيح الجامع ٥٩٦٩]

**واتە : ( هەرکەسێك خۆڕاگربێ لەکاتی لەدەستدانی سێ کەس کەلەوبوون (منداڵی بێت) ئەوا ئەچێتە بەهەشتەوە , ژنێکیش ووتی : ئەی ئەگەر دوو منداڵی مردبوو ؟؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەویش . وە فەرموویەتی :** ( ما من مسلمين يموت لهما ثلاثة من الولد ، لم يبلغوا حنثا ، إلا أدخلهما الله الجنة بفضل رحمته إياهم ) [رواه الأمام احمد والنسائي وابن حبان ، صحيح الجامع ٥٧٨١]

**واتە : (هەرکەسێکی مسوڵمان سێ منداڵی لێ بمرێت پێش شەوەی منداڵەکانی گەورەببن (بالغ) ببن , ئەوا خوای گەورە دایك و باوکەکە**

دەخاتە بەهەشت بەهۆی ئەو سۆز و ڕەحمەی کە هەیانبووە بەرامبەر بەمنداڵەکەیانەوە.

**وە پێغەمبەر(ﷺ) دەشفەرموێت :** ( يقول الله تعالى :ما لعبدي المؤمن عندي جزاء إذا قبضت صفيه من أهل الدنيا ، ثم احتسبه إلا الجنة ) [ صحيح الجامع ٨١٣٩]

**واتە : ( خوای گەورە دەفەرموێت : هیچ بەندەیەکی ئیماندار پاداشتی لای من نی یە کاتێك کە خۆشەویستێکی لەدەستدەدات لە دونیادا , وە ئارام بووەو صەبری گرتووە تەنها بەهەشت نەبێت) مەبەستی ئەوەیە ئەوەندە گەورەیە هیچ پاداشتێك قابیلی نی یە تەنها بەهەشت نەبێ .**

## ٢٤. لەئەستۆگرتن و بەخێوکردنی منداڵی بێ باوك و دایك (بەخێوکردنی هەتیو)

**لە سهل ی کوڕی سعد کەدەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەموویەتی :** ( أنا وكافل اليتيم في الجنة هكذا ، وقال بإصبعيه السبابة والوسطى ) [ فتح الباري ٤٣٦/١٠]

**واتە : (من و ئەوکەسەی کە بەخێوکردنی هەتیوی لەئەستۆ گرتووە لەبەهەشتدا بەیەکەوەین بەم شێوەیە – ئاماژەی دەکرد بە پەنجەی شایەتمان و ئەوەی تەنیشتی کە بەیەکیەوە دەلکان - )**

## ٢٥. بەسەرکردنەوەی نەخۆش و سەردانکردنی مسوڵمانان لەبەرخوا :

**پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەموویەتی :** (عاد مريضا ,، أو زار أخا له في الله ، ناداه مناد : أن طبت وطاب ممشاك ، وتبوأت من الجنة منزلا ) [رواه الترمذي وابن ماجه وحسنه الألباني في صحيح الجامع ٦٣٨٧]

**واتە : ئەوکەسەی کەسەردانی نەخۆشێکی کرد یان سەردانی مسوڵمانێك دەکات تەنها لەبەر خاتری خوا , بانگخوازێك لەلایەن خوداوە بانگی دەکات و دەفەرمووێت : باشت کرد و هاتن و ڕۆشتنت خۆش و پڕبەرەکەت , لەبەهەشتی خوادا ماڵێکت بۆخۆت تەرخان کرد ). وە دەشفەرموێت :** ( من عاد مريضا لم يزل في خرفة الجنة حتى يرجع ) [ رواه مسلم ،النووي ٣٦١/١٦] **واتە : ( هەرکەسێك سەردانی نەخۆشێك دەکات لەبەهەشتدایە هەتاکوو دێتەوە )**

## ٢٦. پارێزگاریکردن لە دوو خوڕەوشت

**لە عبدالله کوڕی عەمرەوە کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (أ) فەرموویەتی :** (خصلتان أو خلتان لا يحافظ عليهما عبد مسلم ، إلا دخل الجنة ، هما يسير ومن يعمل بهما قليل ، يسبح في دبر كل صلاة عشرا ، ويحمد عشرا ، ويكبر عشرا ، فذلك خمسون ومائة باللسان ، وألف وخمسمائة في الميزان ، يكبر أربعا وثلاثين إذا أخذ مضجعه ، ويحمد ثلاثا وثلاثين ، ويسبح ثلاثا وثلاثين ، فتلك مائة باللسان ، وألف في الميزان )فلقد رأيت رسول الله ε يعقدها ، بيده ، قالوا : يا رسول الله !كيف ( هما يسير ، ومن يعمل بهما قليل ) ؟ قال يأتي أحدكم ( يعني ) الشيطان في منامه فينومه قبل أن يقوله ويأتيه في صلاته فيذكره حاجة قبل أن يقولها ) [ رواه أبو داود والترمذي وقال ( حديث حسن صحيح ) والنسائي وابن حبان في صحيحه ( صحيح الترغيب ٦٠٣)

**واتە : دوو خوو هەن , هەربەندەکی مسوڵمان پارێزگاری لێبکات ئەچێتەبەهەشتەوە , ئەوانیش زۆر ئاسانن بەڵام ئەوانەی کاری پێدەکەن کەمن , لە دوای هەموو نوێژێك دە جار سوبحان الله بکات , وە الحمد الله دەجار, الله اکبر دەجار , کە ئەمە بە زمان لە ماوەی هەرپێنج نوێژە فەرزەکاندا دەکاتە سەد و پەنجا جار بەڵام لە میزانی خوادا یەك چاکە بە دەیە واتە بە تەسبیحاتەکە دەبێتە هەزار و پێنج سەد چاکە , وە خووی دوەمیان کاتێك دەچێتە جێگەوە سی و چوارجار الله اکبر , سی و سێ جار الحمد الله , سی و سێ جار سبحان الله , کە ئەمەش سەد دەکات بە زمان بەڵام لەلای خودا بە هەزار چاکە دەنوسرێت )وە دەفەرموێت پێغەمبەرم دەبینی کە تەسبیحاتەکانی بە دەستی دەکرد , وتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ! چۆن ئەوکارانە ئاسانن و بەڵام ئەوکەسانەی ئەنجامی دەدەن کەمن ؟. ئەویش فەرمووی : ( یەکێك دێت بۆلاتان (مەبەستی شەیتان بوو) لەکاتی خەودا دەتان خەوێنێت پێش ئەوەی ویردەکان بخوێنن , وە لەکاتی نوێژەکانتاندا کارتان بۆ دەدۆزێتەوە و مەشغوڵتان دەکات تا دوای نوێژە کە ویردەکە ناخوێنن .**

## ٢٧. کارئاسان و معامەلەخۆش لەکاتی کڕین و فرۆشتندا :

**عوسمانی کوڕی عەفان –ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (أ) فەموویەتی :** ( أدخل الله عز وجل الجنة رجلا كان سهلا مشتريا وبائعا ) [ سلسلة الأحاديث الصحيحة برقم ١١٨١]

**واتە: خوای گەورە پیاوێك دەخاتە بەهەشتەوە بەهۆی ئەوەی کە لەکڕین و لە فرۆشتندا معامەلە خۆش و کار ئاسان بووە .**

## ٢٨. چاوپۆشیکردن و لێبوردن له قەرز :

**له حوزەیفەوە کە دەگێڕێتەوەکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەموویەتی**( أن رجلا مات فدخل الجنة فقيل له ما كنت تعمل " قال فأما ذكر وإما ذكر " فقال إني كنت أبايع الناس فكنت أنظر المعسر وأتجوز في السكة أو في النقد فغفر له ) [شرح صحيح مسلم للنووي ١٠ / ٤٨٣]

**واته : پیاوێك وەفاتی كرد و چووه بەهەشتەوه , لێیان پرسی چ کارێکت ئەنجام داوه ؟ (بیری کەوتەوه یان بیریان خستەوه) ووتی : من لەدونیادا شتم بەخەڵکی دەفرۆشت و ئەگەر بمزانیایه کەسێك دەست کورت و نەداره ئەوا لەسەری دەوەستام یان هەرچاوپۆشیم دەکرد لەپارەکەی)**

**وه له أبو هورەیەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەموویەتی :** ( كان رجل يداين الناس فكان يقول لفتاه ، إذا أتيت معسرا فتجاوز عنه لعل الله يتجاوز عنا ، فلقي الله فتجاوز عنه ) [ شرح صحيح مسلم للنووي ١٠/ ٤٨٥]

**واته : پیاوێك قەرزی دەدا بەخەڵك , بەکوڕەکەی ووت : کاتێك کە یەکێك قەرزارت بوو چاوپۆشی لێبکە بەڵکو خوای گەوره چاوپۆشی بکات له گوناهەکانمان , پاشان مردوو گەیشته خزمەتی خوا و خوای گەوره چاوپۆشی لێکردو چووه بەهەشت .**

## ٢٩. چەند کارێکی باش هەیە کە لەهەرمسوڵمانێکدا هەبێت ئەوا دەچێتە بەهەشت بەیارمەتی خودا :

**ابوهورەیره دەگێڕێتەوه کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی :** ( من أصبح منكم اليوم صائما ؟ قال أبو بكر : أنا ، قال : فمن تبع منكم جنازة ؟ قال أبو بكر : أنا ، قال : فمن أطعم منكم اليوم مسكينا ؟ قال أبو بكر : أنا ، قال فمن عاد منكم اليوم مريضا ؟ فقال أبو بكر : أنا قال رسول الله ﷺ : " ما اجتمعن في امرئ إلا دخل الجنة " [ شرح صحيح مسلم للنووي ١٥ / ١٦٤ ]

**واته : پێغەمبەر فەرمووی کێ لەئێوه ئەمڕۆ بەڕۆژووه ؟ ابوبکر فەرمووی : من , وه پێغەمبەر فەرمووی : کێ له ئێوه ئەمڕۆ دوای جەنازەیەك کەوتووه ؟ ابوبکر فەرمووی : من , , وه پێغەمبەر فەرمووی : کێ له ئێوه ئەمڕۆ نانی داوه بە فەقیر ؟ ابوبکر فەرمووی : من, وه پێغەمبەر فەرمووی : کێ له ئێوه ئەمڕۆ سەردانی نەخۆشێکی کردووه ؟ ابوبکر فەرمووی : من , , پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :( ئەم کارانه لەهەر بەندەیەکدا کۆببێتەوه پاداشتەکەی بەهەشته ) .**

## ٣٠. ئارامگرتن لەکاتی لەدەستدانی نیعمەتی بینین :

**لە أبی هریرە وە کە دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی :** (( یقول اللہ تعالی : من أذهبت حبيبتيه فصبر  واحتسب لم أرض له ثوابا دون الجنـــة ) [ رواه الترمذي ، صحيح الجامع ٨١٤٠ ]

**واتە : هەرکەسێك کە لەدونیادا چاوەکانی لەدەستدا و نابینا بوو , لەگـەڵ ئەوەدا ئارامگربوو و صەبری هەبوو ئەوا پاداشتەکەی بەهەشتە .**

**ربنا آتنا في الدنيا حسنة في الآخرة حسنة وقنا عذاب النار**

